بن سلمان: ئەمریکا گەورەترین هاوبەشی ئابووری سعوودیە

محەمەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی سعوودیە ڕایگەیاند: پێوەندی نێوان ئەمریکا و سعوودیە بە 92ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و دەناڵد ترەمپیش دەڵێت: پێوەندییەکانمان لەگەڵ سعوودیە لە ئاستێکی زەرباشدایە.

سەشەممە، 13ـی ئایاری 2025، لەکاتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی وەبەرهێنانی سعوودی و ئەمریکی لەریازی پایتەختی سعوودیە، محەمەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی سعوودیە ڕایگەیاند: پێوەندی نێوان ئەمریکا و سعوودیە بە 92ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و ئەمریکا گەورەترین هاوبەشی ئابووری سعوودیە.

محەمەد بن سەلمان، گوتیشی: ئاڵوگۆڕی سعوودیە و ئەمریکا لە 2013 بە 2024 گەیشتووەتە 500ملیار دۆلار.

لەلای خۆیەوە، دەناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند: پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و سعوودیە لە ئاستێکی زەر باشدایە ، لەو چەند مانگەی ڕابردوو زەرترین دەستکەوتمان هەبووە، زەرترین خەک لە

چەند مانگی ڕابردوو هاتوونەتە ڕێزی سووپا و چوار هەزار هەڵیکارمان لێخساندووە.

ترەمپ گوتیشی: ناومان لە کێنداوی مەکسیک گۆڕی بە کێنداوی ئەمریکا.

دەربارەی پێیوەندییەکانیان لەگەڵ چین و بریتانیا، ترەمپ ڕایگەیاند: لەگەڵ چین دەگەینە لێکۆتن و پێیوەندییەکانی نێوانمان بەرەو باشی دەڕۆن، لەگەڵ بریتانیاش پێیوەندییەکانمان ئاسایی بووەتەوە.

باسی لەوەش کرد، وەبەرهێنان لە ئەمریکا زۆر زیادیکردووە، تەنیا لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو 10 ترلیۆن دۆلار زیادیکردووە و کەمپانیاکان ڕژاونەتە ئەمریکا.

سەرکی ئەمریکا، ئاماژەی بەوەش کرد، داهاتوویەکی گەش چاوەڕێی ڕژهەڵاتیی ناوەڕاست دەکات.

دەناڵد ترەمپ، سەرکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەشتەکەی بە ڕژهەڵاتی ناوەڕاست دەست پێ کرد و بەیانیی ئەمڕۆ سەشەمە 13ـی ئایاری 2025، گەیشتە ڕیاز و لەلایەن محەمەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی سعوودیەوە پێشوازیی لێ کرا.